www.kurdistannet.org

# ( ٢٥ ) ملیون دۆلار پاداشتەکەی کە بۆ ئاشکراکردنی شوێنی خۆشاردنەوەی سەدام دانرا بوو . . . . . . کەس وەری نەگرت .

سەرچاوەکانی دەزگای ئیستخباراتی ئەمەریکا رایان گەیاند ئەوکەسەی کە شوێنی خۆشاردنەوەی سەدامی لە شوێنێکی نزیك تکریت ئاشکراکرد ، ئەو ( ٢٥ ) ملیون دۆلارە پاداشتە وەرناگرێت کە ئەمەریکا دیاری کردبو وەك پاداشت بۆ ئەوکەسەی کە شوێنی خۆشاردنەوەی سەدام ئاشکرا دەکات یان سەدام دەکوژێ .
ئەم پاش گەزبونەوەی ئەمەریکا لەنەدانی ئەم پاداشتە بۆ زیندانی ( قوسەی ڕەسول ) کە پاسەوانی تایبەتی سەدامە ، ئەوەیە کە (قوسەی ڕەسول ) بەشداری کردوە لە هێرش کردنە سەر هێزەکانی ئەمەریکا لە بەغاو لە لایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە گیراوەو لەکاتی لێکۆڵینەوە دا شوێنی خۆشاردنەوەی سەدامی ئاشکرا کردوەو بەئارەزوی خۆی پێش گرتنی هیچ زانیاریەکی لەبارەی شوێنی خۆشاردنەوەی سەدامەوە ئاشکرا نەکردوە .

هەر لەم بارەیەوە کۆماندۆ ( بریان مورفی ) لێپرسراوی ئیستخباراتی لەشکری یەکی هێزی پیادەی چوار ووتی کە ئەو نهێنی درکێنەرە واتە ( قوسەی ڕەسول ) لە بەر ئەوەی دەستی هەبوە لەو هێرشانەی کە دژ بە هێزەکانی ئەمەریکا ئەنجام دراوە ، ئەوا ئەو ( ٢٥ ) ملیون دۆلارە پاداشتە وەرناگرێت ، ئەمەو هێزەکانی ئەمەریکا چاودێری هەڵسوکەوتی نزیکەی ٩٠٠٠ کەسیان ئەکرد لە وانەی کە ئەگەری پەیوەندیان هەبوە لەگەڵ سەدامدا .

عەتا بانەیی
٢٠ / ١٢ / ٢٠٠٣
ستۆکهۆڵم
ڕۆژنامەی القبس / ڕۆژنامەی الزمان